# ئەمجار

**سیاوەشی کەسرایی**
**وەرگێڕانی: ناسری ئەمیننژاد**

جارێکیٚدی ئەگەر سەیری دارێک بکەم،
یاخود بە ناو بێشەڵان و باخێکی سەوز گوزەر بکەم,
چاو نابڕمە بەژن و باڵای دارودرەخت،
چاو نابڕمە نەخش و نیگای بەهاری مەست،
چرۆ و گەڵا،
چاو نابڕمە خونچە گوڵ و سەوزەی دڕک
گویٚ نادەمە دەستانێکی پڕلق و پۆ.
ئەمجار چاو دەبڕمە نێو هێلانەکان،
ئەو جێگایەی ترپەی دڵی کۆرپەی ژیان بە گویٚ دەگات،
لە شاڵاوی بەگوڕترین باهۆزەکان.
ئەو جێگایەی لەبەر تیری تەرزە دایە و
رمی تیژی برووسکەکان سیلەی دەگریٚ،
فڕگەی مەلی دڵی بیٚگەرد، یانەی بەڵا.
جوجکەکانی پەروەردی ناو گێژی تۆفان
ئەمن چاوم لە ئێوەیە.